داکۆکیکردن و یاسا ژینگەییەکان بۆ پاڕێزەرانی ئاوی عێراق

لایەنی جێبەجێکار: طبيعة العراق NATURE IRAQ سروشتی عێراق

هاوبەش: Water Right Foundation

ئەم پرۆژەیە پشتگیری دارایی کراوە لە لایەن یەکێتی ئەورووپاوە

هەواڵنامەی ژمارە ١٥ | نیسان – ٢٠١٧ | پەڕەی ١ لە ١

پرۆژەیەکی پەروەردەیی تایبەت بە ژینگە

پرۆژەی داکۆکیکردن و یاسا ژینگەییەکان، پرۆژەیەکی ٤ ساڵی ڕێکخراوی سروشتی عێراقە، پرۆژەکەمان بە گرنگی زانی پرۆژەیەکی پەروەردەیی تایبەت بە ژینگە بە ئەنجام بگەیەنێت بۆ چەند خوێندنگەیەکی ناو شار و دەرەوەی سلێمانی بۆ قۆناغی بنەڕەتی و ئامادەکاری ١-٣ کە بەڕواری ١١- ٤ -٢٠١٧ یەکەم ڕۆژ و دەست پێکی جێبەجێکردنی ئەو پرۆژەیە بوو. ئامانجی ئێمە لە هەڵبژاردنی ئەو قۆناغە بۆ ئەوە دەگەڕێنینەوە کە پێمان وایە منداڵ لە قۆناغەدا زۆر چالاکە و توانای فێربوونی خێرایە و دەتوانێت ئاسانتر گاریگەری لەسەر خێزان و هاوڕێکانی دروست بکات.

کورتەیەک لەسەر بیرۆکەی پرۆژەکە هەتا ئەمڕۆ و پلانی داهاتوومان:

دوای ئەوەی لە سەرەتای مانگی شوبات بە گرنگمان زانی پرۆژەیەک بۆ خوێندکارانی بنەڕەتی بە تایبەتی قۆناغی ١-٣ بە ئەنجام بگەیەنین، ئەویش لە ڕێگەی بیرۆکەیەکی تایبەتەوە ئەویش بە کۆکردنەوەی هەندێک وێنە کە گوزارشت بکەن لە (ژینگە بە گشتی، خێزان، خوێندن، سەرچاوە ئاوییەکان، ئاژەڵەکان، کەش وهەوا...) وە لە لایەن کۆمەڵێک دیزاینەری بە تواناوە وێنەکان دووبارە کێشرانەوە و بە شێوازێکی تەواو کوردەواریانە وێنە کرانەوە بۆ ئەوەی خوێندکارەکان زۆر بە ئاسانتر لێی تێبگەن و لێوەی فێر بن، وە هەر بۆ هەر پەرەیەک ڕێنماییەکی تایبەت بە وێنەی ئەو پەرەیەمان زیاد کرد کە بە زمانێکی ئاسان و پەروەردەییانە نووسراون هەتاوەکو خوێندکارەکان لە کاتی ڕەنگ کردنەوەی وێنەکاندا لێوەی فێر بن، دوای تەواو بوونی کار و دیزاینەکان بۆ ماوەی زیاتر لە ٤٥ ڕۆژ، دەفتەرە وێنەکە چاپ کرا لە ژێر ناوی (هاوڕێی ژینگە).

جگە لە دەفتەرە وێنەکە، پرۆژەکەمان سێنتێک قەڵەمی ڕەنگا و ڕەنگێشی وەک تەواوکەری دەفتەرە وێنەکە کردۆتە دیاری بۆ خوێندکارەکان، جگە لەوانەی کە باس کران بۆ هەر خوێندکارێکیش زەرفێکی ژینگەیی دەدرێتێ کە بە هەمان شێوە لە لایەن پرۆژەی داکۆکیکردەوە ئامادە کراوە کە ڕێژەیەکی زۆر کەم نایلۆنی تێدایە و چەندین جار بەکار دەهێنرێتەوە و سودی لێ دەبینرێت. ئێمە ئەم پرۆژەیەمان کردۆتە چەند قۆناغێک، کە بەڕواری ١١- ٤ -٢٠١٧ دەست پێکی جێبەجێ کردنی یەکەم قۆناغی کارەکان بوو،کە بریتی یە لە بڵاو کردنەوەی سێتی دەفتەرە وێنەکان بەسەر چەند خوێندنگەیەکی بنەڕەتی ناو و دەرەوەی شاری سلێمانی و بە درێژایی چەندین ڕۆژ وە بە ئامادەبوونی نوێنەرانی ب.گ. پەروەردەی سلێمانی پاکێجی (هاوڕێی ژینگە) گەیەندرایە دەست خوێندکارەکانی ئەو خوێندنگایانەی کە بە هاوبەشی لەگەڵ ب.گ. پەروەردەی سلێمانی دیاری کرابوون. قۆناغی دووەم و سێ یەمی پرۆژەکە بریتی دەبێت لە بە دواداچوون لەو چەند خوێندنگایانەی کە خوێندکارەکانیان سوودمەند بوون لە (هاوڕێی ژینگە) هەتا وەکو بزانین خوێندکارەکانیان چی لێوە فێر بوون؟ پاشان ئەنجامدانی ڤرک شۆپی جیاواز بۆ مامۆستایانی ئەو خوێندنگایانە و کار و پلان بۆ پەرەپێدان و گەورەکردنی پرۆژەکە لە داهاتوودا.

جێی ئاماژەیە تەواوی تێچووە دارایەکانی ئەم پرۆژە پەروەردەییە لەسەر ئەستۆی پرۆژەی داکۆکیکردن و یاسا ژینگەییەکانی سروشتی عێراقە کە لەلایەن یەکێتی ئەورووپاوە پشتگیری دارایی کراوە، لە هەمان کاتدا جێی دەست خۆشی یە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی پشتگیری تەواوی خۆیان بۆ ئەم پرۆژە پەروەردەیی یە دوپات کردەوە و بە یەکەمین پرۆژەی پەروەردەی دەزانن کە لە سەرەتاوە بەو شێوەیە ئەنجام درابێت وە پاڵپشتی خۆیان بۆ قۆناغەکانی داهاتووی ئەم پرۆژەیە دەربڕی.

کۆبونەوەیەکی هاوبەش لە تەلاری سلێمانی پاڵاس

پرۆژەی داکۆکیکردن و یاسا ژینگەییەکان هەستا بە ئەنجامدانی کۆبونەوەیەکی هاوبەش لەگەڵ چەند ڕێکخراوێکی ژینگەیی و کەسانی شارەزا و پسپۆڕ لە بواری ژینگە وە بە ئامادەبوونی بەڕێز (ئاسۆ زەند) بەرپرسی پارتی سەوزی کوردستان، لە کۆبونەوەکە هەر ڕێکخراوێك بۆ ماوەی ١٥ خولەك باسی لە کار و چالاکیەکانی خۆیان کرد و کاریگەری و ئەنجامی کارەکانیان لەسەر ئەرزی واقعی هەرێمی کوردستان، نوێنەری پرۆژەی داکۆکیکردنیش باسی لە کار و چالاکییەکانی خۆی کرد لە ماوەی ٣ ساڵی ڕابردووی پرۆژەکە و بەرنامە و پرۆژەکانی ساڵی ٢٠١٧ی بۆ ئامادەبوانی کۆبونەوەکە باس کرد.

هەر لە کۆبونەوەکە بەڕێز ئاسۆ زەند باسی لە کار و ئەزمونی خۆیان کرد لە ماوەی ڕابردوو لە وڵاتی سوید تایبەت بە بوارەکانی ژینگە، گرنگی دانی حکومەتی سوید بە پرسی ژینگە و هاوبەشی پێکردنی کەسانی پسپۆر لە بڕیاردان و دارشتنی یاساکانی ژینگە لە ڕێگەی کۆبونەوە و کەمپینی جیاوازەوە. لە هەمان کۆبونەوەدا، ئامادەبووان باسیان لەو کێشە ژینگەییانە کرد کە ئێستا ڕوبەڕوی هەرێمی کوردستان بونەتەوە و کەم تەرخەمی کحومەت لە چارەسەرکردنی کێشەکان بە تایبەت لەم دۆخە دارایە ئاڵۆزەی ڕوبەڕوی هەرێمی کوردستان و عێراق بۆتەوە. هەربۆیە ئامادەبووان دوپاتی کار کردنی بە کۆمەڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییان کرد لە فشار خستنە سەر حکومەت و لایەنە پەیوەندی دارەکان لە ڕێگەی کارکردن لەسەر ئاستی هۆشیاری تاکی گۆمەڵگە و ڕۆڵی میدیاکان لەو بوارەدا.

کۆبونەوەی هاوبەشی پرۆژەی داکۆکیکردن لە شاری هەولێر

تیمی پرۆژەی داکۆکیکردن (ئەدڤۆکاسی) لە ڕێکخراوی سروشتی عێراق، کە بەشێوەیەکی بەردەوام بەدواداچوون دەکات بۆ (یاسا ، ڕێنمایی ، پەیڕەو) تایبەت بە بواری ژینگە کە لە لایەن دەسەڵاتی تەشریعی یەوە دەردەکرێت، وە بەردەوام لەهەوڵی ئەوەدایە کە ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و بەشداری پێکردنی ڕا و بۆچوونی هاوڵاتیان هەبێت لە دارشتن و نوسینەوەی مسۆدەی یاسا ژینگەییەکان. بەردەوام کاری جدی کراوە لەپێناو دروستکردنی هەماهەنگی لە نێوان ڕێکخراوەکان و خاوەن بریارەکان بۆ نوسین و دراشتنەوەی یاسا ژینگەییەکان.

کاتێک ڕێنمایی ژمارە ١ی ساڵی ٢٠١٥ تایبەت بە (ڕاو کردن و پاراستنی ئاژەڵی کێوی و باڵندەکان) لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائعی کوردستان) بڵاوکراوەوە، تیمی پرۆژەی ئەدڤۆکەسی کۆمەڵێک تێبینی هەبوو لەسەر ڕێنماییەکە و هەوڵدرا لە دوو کۆبونەوەی جیاواز کە لە شاری دهۆک و سلێمانی ئەنجامدرا بەئامادەبوونی نوێنەرانی (ڕێکخراوە ژینگەییەکان، خوێندنی باڵا، بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دارستان، کەسانی پسپۆر و شارەزا لە بواری پاراستنی مافی ئاژەڵی کێوی)، گشت ڕا و بۆچوونەکان تۆمارکران، بۆ ئەم مەبەستە لەنزیکەوە بەڕێز حاکم صمد محمد (بریکاری وەزیر بۆ کارو باری دەستەی پاراستن و چاک کردنی ژینگەی هەرێمی کوردستان) ئاگادار کرایەوە لە لایەن پرۆژەکەمانەوە لەوەی ڕێنماییەکە کۆمەڵێک بۆشایی یاسایی تێدایە ودەکرێت دەوڵەمەند تر و بەپێز تر بکرێت بۆ ئەوەی زیاتر بگونجێت لەگەڵ کەش و بار و دۆخی ئێستای هەرێکی کوردستان. بۆیە لە کۆبونەوەیەکی هاوبەشی دیکە ڕێکخرا لە بەرواری ٢٢-١-٢٠١٧ لە نێوان دەستەی پاراستن و چاک کردنی ژینگە و بەئامادەبوونی بەڕێز (حاکم صمد محمد) و چەند ڕێکخراوێکی ژینگەیی هەولێر، فەرمانگەی ژینگەی هەولێر، مامۆستایانی خوێندنی باڵا، زانکۆی هەولێر ڕێکخست لە هۆڵی کوبونەوەکان لە دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەولێر.

ئامانج لە کۆبونەکە، گفتو گۆکردن بوو لەسەر بڕگەکانی ڕێنماییەکە وەڵام دانەوەی بەڕێزیان بۆ سەرجەم تێبینیەکان کە پێشتر تۆمار کرابوون، وە لە بەر بوونی هەندێك کەم و کوڕی لە (ناوەڕۆک و شێوازی دارشتنی برگەکان)، لە کۆتایی کۆبونەکە بەڕێز حاکم صمد بریاریدا کە:

- ڕێنماییەکە هەموار بکرێتەوە، وە جارێکی تر بریاری دەرچوانددنی بۆ بکرێت.
- بەهەند وەرگرتنی سەرجەم ڕا و بۆچونی ڕێکخراوەکان کەپێشتر تێبینی یەکانیان تۆمار کرابوون.
- بە ئامادەبوونی ڕێکخراوی سروشتی عێراق، نوسینەوەی مسۆدەی ڕێنماییەکە لە کۆبونەوەی گشتی دەستەی پاراستن و چاک کردنی ژینگە دەبێت بە بانگێشت کردنی نوێنەری لایەنی پەیوەندی دار و ڕێکخراوە ژینگەییەکان.

هەندێك چالاکی پرۆژەی داکۆکیکردن لە ماوەی زستانی ٢٠١٦ - ٢٠١٧

چالاکی ساڵانەی جیهانی (کاتژمێری زەوی)، لە بریتی یە لە کوژاندنەوەی ڕووناکی بۆ ماوەی ١ کاتژمێر، لە فامیلی مۆل لە شاری سلێمانی بەڕێوەچوو لە بەرواری ٢٥-٣-٢٠١٧

سیمیناری (پەستێنەرەکانی سیستمی ئاودێری - کێشەکانی مەیدانی و چارەسەری گونجاو)لە لایەن کۆمپانیای جیهانی (هەنتەر) لە هۆڵی زانکۆی سلێمانی-فاکەڵتی ئەندازیاری-ئاودێری

هەڵمەتی سەوز کردن و ناشتنی نەمام بۆ (پارکی ڕازیانە)، لە لایەن ڕێکخراوی (زەیتون) وە بە سەرپەرشتی فەرمانگەی ژینگەی سلێمانی بەڕێوەچوو لە بەرواری ١١- ٤- ٢٠١٧



پرۆژەی داکۆکیکردن وەك نەندامێکی کەمپینی شەفافیەت و لێپرسینەوە، سەردانی بەڕێوەبەری گۆنترۆڵی جۆری سلێمانییان کرد تایبەت بە هاوبەرەکردنی ئوتوبیلی (هایبرید)